# ((پەراوێزی خەونەکان))

**دیار محمد**
dyar_mahamad@yahoo.com

**بەشی** (1)

بیرتە لەزستانی شێتا
سامالّ سامالّ مالّمان ئەکرد
بە دەم بەفری لێومانەوە
تا شاری تامێسك هەلّمالّین
بە دەم هە نسکی ڕۆحی شەوێکتەوە
خوێناوی ئینجانەیەك کۆلاّن کۆلاّنی
بەهەشتمان بەڕێکرد
ئای. ئای .
چەند غەریبیم لێت خواردەوە و
هێلّنجمدا لەسەر باسکت
تامرازی ئهلایت کەمە دەریا
بە مەرامی پیرێژنێکی مەینەت بارەوە
تۆش بە دەنکیّ مرواری سپیەوە
نمەکی ئێوارەیەکت کرد
کە پڕبو لە نزای دایکم و
پرچی گەلاّ قەفسیلەیەکانی کچێنیت
کە لێوان لێو باوەشی کەسکی سۆزانیەك
بیرتە .بیرتە
دایکم دەستی ڕاستی لێهەلّئەبڕین
لە ترسی نە ڕۆشتنەوەمان ئای جەرگە بۆ ناپرسی
لەزستانی بەخی دایکم
تا نەفەسمان لە یەك بڕی هەر چیرۆکی پیرێژنە وەجاخ
کوێرەکەمان ئەچڕی
ئای لەو ڕۆژەی بە سەر سنگتا هەلّگەڕام و
خاکمان لە ئامێزی یەکتری گرد
هێدی هێدی بە کەمەری پایزێکدا

هاتمە خوارێ تا کراسێکمان لەیەك دڕی

تۆ بەسپێدەی لەشتەوە و من بە شەفافیەتی بالآتا

چ کارێکی ئابڕوبەربوو تۆ لەمن ئە تلایتەوە و

من لە ئێوارەکانی ئەو دەمەت

بیرتە لە و بەیانیەوە چاوێکی تر بە ڤێزەوە

سەیری بەهەشتی حەزیە کردین بێ تێڕامان .

بێ تێڕامان

فیشەکێکی وەنەشەی لە ئێمە گرد

لە پێش خۆمان چەندین پەلوو

چەندین گوڵی چاوەڕوانیمانی وەراند

چەندین پەلوپۆشی پێکا

بەوەشەوە هەر ڕێی ئەبڕی و

دەهات. دەهات. تێر ئەملاو لای

یەکتریمانی ماچ ئەکرد تا دواین سات

هەر بەوەشەوە نەوەستا لە شوێن خەو مان

ئەتلایەوە و بە دزی مەمانی تۆوە

پەنجەکانی بەسوکانی سواری بەلەمی حەز دەکرد

یان جار جارێ چرپەی دەکرد بە گوێماندا پێی ئەوتین وەرە,

وەرە بڕۆین هەواری مانگ گەلێ دورە و

ڕەنگە ئەمشەو نەمان گاتێ

یا لە پاڵ ڕۆمانی ماچ و بەفردا

کرێوەی چیرۆکی تەزیوی پێناسە دەکرد

بۆ حەقیقەتێکی دۆڕاو و

تا خەونی پرچەکانیشی زڕاند لە باوەشێك تارکی

بیرتە لە یەکەم ڕوانیندا کچە هەورێ بالآی بەڕوتی تۆرابوو

بە پەلە باوەشماپیا کرد

تا ئەو ڕۆژەی مارەی لە ئاسمانێك بڕا ئێمەی نەویست

بە دەم ئێورەو کزەبا نەرمەکانیەوە دەنگی بەر دیوای

خەوێکی پایزی دەدا

بیرتە یەکتریمان گریاندا تۆم لەدورگەی چەرچەفێکدا

بەجێهێشت و تۆش لەسەر سنگ

هەرچی ئارەزوی ئاسمانمە قەوبڕت کرد

ئای كه نهگهیشتین بهیهك

دایه گهوره ههڕهشهی لهو ئێوره نهگریسه كرد

كه جێی هێشتین  له ڕهونهقدا

ئای لهو دهمهی نهفهس نهفهس  یهكتریمان

ههڵئهمژی تۆ به كاڵی و من به پهستی قوتم ئهدای

حهیف یهكتریمان دۆڕاند

ئهو بهبێ ئهوهی  تۆبناسێ مارهی كردی  لهوبهری

ئاسمان و حیكایهته ژهنگ گرتوهكانی زهمهن

منیش تهنیا تهنیا  بهو ڕێگا كوێرهدا دهڕۆم

كه جار جارێ به منداڵی یه كتریمان  به به لهمی

زهرده پهڕدا به ڕێ دهكرد

ئای لهو ڕۆژهی دایه گهورهو گۆچانهكهی  به گوێسهبانی

مردندا چهند چاوهڕێی ئهم ڕۆژه شومهیان دهكرد چهند به پهله

ڕامان ڕامان چاوی به ئاسمانتا گێڕا

ئهی زانی قاچیان  تا قولهپێ ههڵكردوه و

به گلێنهی حهزهكانما مهله بهستیانێكی ڕهنگ

سورهوه دهكهن

تۆش بێ دهنگ بێ دهنگ  له پاڵ كورسیهكدا

شیوهن بۆ جگهری حهقیقهت  ئهكهیتو

بهویش دهڵی مهڕۆ ئهم شهو خێڵی قهدهر

به سهرماندا ههڵئهفڕن  بهرهو خۆزگه شێتۆكه

زستانێكی شهرمن

ئاڵو ئاڵو تامێسكی وه نهوشهی دهپرژێن

نهبا له گۆمی ئاسمانتا كچی ههرورێ به ئاسانی پیات تێپهڕێ و

بزانێ بهرهو كوێ دهڕۆی

با لهم خهونه ڕانهچڵهكێم ئهوجا ئهوجا بڕۆین

بیرته زستان كلوهكانمان چۆن قان ئهدا

ئهو ئهسوتاو ئێمهش زهماوهندمان بۆ پێكێ فرمێسك دهگێڕا ..

**بەشی**(2)

**جەرگە جەرگە ئێستا پێکەنینێك لەتۆ شینە**

**شینتر لەئاسمانە تۆراوەکان و دۆڕاوتر لەو پەریە کەسکەی**

**لەشاری جوانی بەجێما  بەدەم پەڕوێزی خەونەکانەوە و**

**گۆچانە وشکەکەی داپیرەوە و ئێوارە درەنگەکانی شار**

**پەڵکەچەند  گەلآتم لە عەرزی عەشقت کردەوە**

**پێم دەوتیت دەبێت  نابێت  تا دواگەلآت**

**تا حەرام حەرام شڵپەت بێت بە کەمەری ڕۆژە**

**دۆڕوەکانی کچێنیتەوە**

**تا ڕاوچیەکان حیلە لە شێوەی ئەسپدا بکەن و**

**ئەسپەکانیشیان  قامچی لە بەیەنی**

**قامە بدەن  تا کۆلآنێکی تەنیشتمان چەپڵە لە خەونێکی**

**قوڵ هەستێنن**

**تا شێتانە دەست بازی بکەن بەدەم  هەوری کۆشتەوە**

**چەند زاڵمن ئەو شیحرانەی  لەخەونێکدا  ئەترسێنن**

**تا حەرام حەرم بە مردنێکدا باوەش بکەی.بەبێ مەرای پەرستارێك**

**تەوابی لێم**

**پەڵکە هانا ئێوارەیان فرۆشتوە دەستت بێنە**

**لە کۆ لآنی عەدەمەوە چاو دەگێڕن  بۆ بەرزاییەکانی لەشت**

**تا قوم قوم بەگەردنتا ڕۆبچن**

**لە پێچە تارکەکانی تاریکیەوە  فریو دەخۆن**

**بەرەو پەناگەی ماچێکی تەم لێ نیشتومان**

**نەکەی عەدەم جارێکی تر چەفتەی سەرت  فڕێ بدەی**

**لەجێی ئەوان تارا بە زستانی دایکێ بەخشی تا سامانم**

**بە گڵنەوە لێ ون نەبێت**

**بیرم ناچێ سنەو بەرێ خوی لەڕوتیدا کرد بە پایزی مندا**

**تا گوڵەکانی ئەو گەڕەکەم فێری وانەی پرتوقڵێ و دەست**

**لەملی هەورە کچەکان کرد**

**کەچی  گەلآکانیشی وەراندین**

**بە گرێی بۆینباخە بەهارێکەوەی توند گرێتدا**

**تا خۆت تێرکەی لە کچە بەفرەکانی ئەوێم**

تا تینو تربن لە باران و شەتەك شەتەك بە ئاسماندا

بێتە خوارێ  تا تینوربم لە ئایەتێك و لەوانیش

تا قوڵ قوڵبە ڕۆحی كراسی هەرزەكاریمدا هەڵژنێت .

ئەو گەلاّیەی دراوسێی  ماڵی ئێمە بو

بە دەم تەلی دڕكاویەوە بەهەشتی كراسمانی دڕی

تا بە جەستەی ڕۆحی شەڕما هاوار بكات

كوا كوا داپیرە و لە دورەوە هەڕەشە كاو بە كلكی گۆچانەكەی

لە یەكمان دور خاتەوە

تالەو شەوە جوانانەوە زەفەر بە باوكی زستانێكم بەرێ

كەتا ئێستا بە هاوڕیەتی نەزانیوین

تا ئەڵوەنێك لە ئێمەوە بڕژینێ دڵوپە بارانی شەو كوێری

بەو ئێوارە قەیرەیەوە ئێمەیان لە باوەشی پاژێك نا

باكورسێ ئەسپەكەم نەمرێ فێرم  مەكە لەو بەرتەوە چۆن بپەڕمەوە

بۆ سەر شەپۆلی ئارەزوت

تا كریستاڵی ئەم حەزەم  بەكێلی قەبرێكدا نەدەم

فێرم مەكە لە پانتای غەریبدا قەدەر قەدەر پێ لەویستی

شەوت  بنێم

ئەی تۆ بالە ڕۆژە خوساوەكانی دایكتەوە لێت بڕوانم

ڕوانینێك بە ئاسمانی سەرابدا

كە سەراب  سەراب  منتان  بەگوڵە خۆڵە مێشەكانی

ئەوێن  ناساند بە دەم ڕژانی بەفرو ڕەقبونەوەی بیچویەكی ترەوە

ڕژانێك لە بەیەنی هەمو حەرفێ  بە هەمو ئەو ساتانەشەوە

تاری ڕەشیان لە باوەش نا   بە هەمو ئەستێرە كاروان كوژەكانەوە ش

ئێمەی دۆڕاند لە داپیرەو گۆچانەكەی

لە چریكەی زستانێكی سپی و ماسیە مەكربازەكانی شار

تا ڕوبار ناسێنن بەمن و ئەسترە

ئەمەوێت بگەمە ئەو كۆچەڵەی  لەپایزدا پەلكەی

بەڕوماندا وەراند  تا كەسك بچمەوە سەرباوانی مردنێك و

لە بەهەشت دەست بنێم بەڕۆحی تاقانە كچە بێ دەنگەكەی ئەوێتەوە

ئەوجا لە كۆشتەوە چنگە كرێ  بە بونی تۆیەكی ترەوە بكەم

هەتا نەبم  لە ڕۆچونێك بە كەمەر عەسرێكتەوە

تا كز كز یەكتری هەڵخەین لە بەردەم ڕەنگە نارنجێكانی بەهەشتا

ئەوانیش خێرا تر بە باڵی ئێمەوە گوزەر بە جەهەنەمی قەدەرداکەن
بە قولاپی نەهەنگێکی ژەنگ گرتووەوە
کەچی هەر نازانن ئێمە هەین لە دەم ڕوانینە زەردەکانی گوڵە پایزیەك
ئای جەرگە شەرارەی ئەم بەعشق بوە ڕوتە بشارەوە
لە ئێوارەو سوپای شیعرەکانی دوژمن
لە شکانی یەکەم سەنگەری کچێنی و دواین دەروازەی موحیبەت
لەشکانی پیاوەتی خەویك و شیحێکی تر لێوان لێو لەسپێتی
تا بە یەکەم ئافات و ئاسۆدا شۆڕببمەوە
تا بەرزای کچیکی شەڕانیم لێ ونبکات
تا ئەوانیش گۆچانی نەفرەتی تاو بدەن لەشەوارە بونی ئەم ئێوارەیە و
هەڵۆژە ناسکەکانی قەدەرێك
تالە ڕێی ئەواندا برۆین بە دەم مەرامی بارانێکی تەڕپیرەوە
ئای پیرە لە پایزی کێبە شیحرێکەوە لە هەرە تاقانەترین
وەرزی کچێنیدا جارێکی تر شین بەرەوە
ئەی خانم گیان لەلە شوێن نوستنەکەی من و لە سەرپۆشی
ئەم خاکەوە بە هەناسی باسکی شلتا ناوچەوانی
لەگرژی داپۆشەو ئێوارە خەوێکی قوڵ بەدیار دیداری
جگە رتەوە بکە
تا پەنجەرە بێ نازەکان لە بیری شکانی یەکەم شەو
تێر فرمێسك هەڵوە رێنن
تا ئەو دەمەی لە بەیانیەکەوە ڕەش دەبن
بە شەمامەی دەمێك کچت و ئەوحەزەشی تۆی لە بەستەڵەکی
ڕوت بونەوە دا دۆراند
دۆڕند بە هەزار ئابڕوی ئێورەو بە جوانیە بەش بەش کراوەکانیشەوە
کە تۆی تیا بوی بەهەرچی کۆڵانە تاریکەکانی مانگەوە
بە هەرچی بارانی کچە هەوری ناو پا یزم و تنۆکێکی پەنجەرەکەم
لە بیرت دێ بەگرە کەسکەکانی ئەوێشوە مردنێکمان لە چاوی ئەواندا ئەدی
تا بزانین ئێرە کوێیە بە گلەی یەکی نوێوە بە بێزکو کردنی
ڕێوازێکی بەر کۆشتەوە و نۆ بەرەی گێلاسێکی شەرمن بکەین
بە گێژە لۆکەی ئەو شەوانەشەوە جلەکانی لە بەر بردین
بە بەر ماڵی داپیرەوە و ئە نوێژەی تەواوی نەکرد جێی هێشتین
ئەمەوێت خەوێك ببینم لێت بەمتیلی لێفە خوێناویەکەی

**مڕازی شەوی حاسڵ کرد**

**لە بیتڕت دێ منداڵمان دایە دەستی ڕوبارێك و**

**هەرزەکاریش بە دایەنێکی قژ سپی**

**لە دەم ئارەزوەکانی عەشقدا و لەدەم  تەرزی بەرسیلەیەکی یەك ڕۆژەدا**

**گڕمان دایە ئاخر کەلیمەی خۆشویستی ..**